پێشنیارم بۆ هەموو کوردان؛ با لەناو خۆیاندا زۆر بەچڕوپڕی نەتەوەی دیموکراتی چییە، چۆن پێکدێت؟ گفتوگۆ بکەن تورکانیش پێکەوە ژیانی ئازادو یەکسان چۆن دەبێت گفتوگۆی لەسەر بکەن و بیخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوەوە

## دەقی دیداری (17/5/2006) ئیمرالی بەڕێز عەبدوڵڵا ئۆجەلان لەگەڵ پارێزەرانی

وەرگێرانی لە تورکییەوە/ ئەکبەر جەهانگیری... ئارام پێنجوێنی

ڕەوشی تەندروستیم وەکو لەهەفتەی رابردوودا باسم کرد بەو شێوەیەیە، کێشەکانم بەردەوام دەکات، ئەو سەعاتەی کە بەر لە سێ هەفتە رەوانەتان کردبوو، پێیان دام. هەر چەندە پەلەش نییە، بەڵام ئەگەر بۆ گۆڕینی (کۆندێشنی) ژوورەکەم، لەگەڵ دادوەردا قسەبکەن، چونکە دەزانن، کێشەی حەساسێتم هەیە و نەخۆشییەکانم بەردەوامە، وەك لەرۆژنامەکاندا خوێندمەوە، هەندێ کۆندێشنی دژی حەساسیەت تازە دەرکەوتوون، وەك مارکەی تۆشیبا ئەگەر یەکێك لەوە بهێنرێت، پێ دەچێت گۆڕانکاریەکی باش لەڕەوشی تەندروستیمدا رووبدات، ئێوەش دەزانن کە لەژوورێکی داخراوی وەکو ژوورەکەی من، کە 23 سەعات بە بەردەوامی هەمان هەوا دەگۆڕێتەوە، بەتایبەتی لەوەرزی زستاندا، پەنجەرەکان لەبەر سەرما ناکرێنەوە، تووشی زۆری و زەحمەتی دەبم، هاوینانیش بەکردنەوەی پەنجەرەکان هەندێك هەوای پاکمان بەنسیب دەبێت، ئەمەشیان بۆ داهاتوو پێتان دەڵێم؛ ئەو نوێنەی کە لەسەری دەخەوم، لەبەر ئەوەی بەلۆکەیەکی وشك دروستکراوە، کێشەم بۆ دروست دەکات، لەبەر ئەوەش ناتوانم بەشێوەیەکی ئاسایی بنووم بحەسێمەوە، جا گەر نوێنەکەم بۆ بگۆڕن باش دەبێت.

لەژوورەکەم تەنیا کتێبێك دەبینم، رۆژنامەش؛ وەکو پێشتریش پێم ووتبوون؛ تەنها دەتوانم ژمارەکانی پێش چل رۆژ بخوێنمەوە کتێبەکەی "والێرشتاین"تان بۆ هێنابووم، ئێستا سێیەم بەرگیشی دەرچووە, دەتوانن بۆم بهێنن، هەروەها کتێبەکەی "فرۆیدیل" بەنێوی "جیهانی دەریای سپی"تان بۆ هێنابووم ئەگەر بەرگی دووەمی دەرچووبێ بۆمی بێنن"کتێبەکەی دەستی نیشانداو ناوی کتێبەکە گۆڕینی جیهان بەبێ دەسەڵات" بۆچوونی ئەم کتێبە و کتێبەکانی وەکو " زۆر کەم دەوڵەت، زۆر زیاتر کۆمەڵگا" وەکو پێشتر باسم لێوە کردبوو، لەگەڵ بۆچوونەکانی مندا هاوتەریبن، زۆر کەمیش بێت لەڕاوبۆچوونەکانی من دەچن، بەڵام ئەوان تەنگ نزیك دەبنەوە، هەتا شوێنێك دەتوانن بڕۆن دواتر بنبەست دەبن، سیستەمی بیرکردنەوەی من بەگوێرەی ئەو تێزانە نییە، سیستەمی بیرکردنەوەی من لەئەنجامی لێکۆڵینەوەو تاقیکردنەوەی پراتیکی و بیرکردنەوەی چەندین ساڵە، نابێت کەس بەشێوەیەکی سادەو ساکار بۆچوونەکانم هەڵسەنگێنێت. ئێمە ناوە ناوە یەکدی دەبینین، چاوپێکەوتنەکانیشمان ماوەکەی زۆر کەمە لەبەر ئەوە بەپێی پێویست ناتوانم شرۆڤەتان بۆ بکەم. بەڵام لەم پارێزنامەیەی کە ئامادەی دەکەم ئەم بابەتانە جێگەی تایبەتیان دەدەمێ، ئەو گۆڤارانەی کە پێشتر هێنابووتان وەکو"کۆگیتۆ ـ رۆژهەڵات و رۆژئاوا" دەتوانن ژمارە تازەکانیانم بۆ بهێنن. هێشتا گۆڤاری کۆمەڵگاو زانستیان نەداومەتێ، بەڵام گۆڤاری"توانست"یان داومەتێ. "بڕیاری ڕەتکردنەوەی سەرلەنوێ دادگاییکردنەوەمان وەرگرت، بڕیارەکە دوو لایەنی هەیە، 1) داوای سەرلەنوێ دادگاییکردنەوە ڕەتکراوتەوە، لەبڕیارەکە ئەم داواکارییە نەك بۆ تەمیز بەڵکو بۆ ئیعتراز کراوەیە. واتە بۆ سەر دۆزگەر نا، بەڵکو دەڵێن بۆ دادگایەکی دیکەی سزای گران ئیعترازەکەمان پێشکەش بکەین. 2) لەبارەی لەخۆوەگرتنی سزاکەی ئێوەیە لەچوارچێوەی یاسا نوێیەکەدا، ئەمەش بۆ تەمیز کراوەیە، ئێمە وابیردەکەینەوە هەردووکیان تەمیز بکەینەوە ، بەڵام بۆ سەرلەنوێ دادگاییکردنەوەش، نەك هەر تەنیا بەڕێگەی تەمیز، بەڵکو ئەگەر لەڕێگەی ئیعترازەوە ئەنجامەمان وەرنەگرت، ئەوا دەتوانین ئەم داوایە بکێشینە دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپاوە (AHIM) لەهەمانکاتدا لەبڕیاری دادگادا هاتووە کە حکومەکە بە ئێوەش رابگەیەنرێت".

ئەوەی پێویست بێت ئێوە دەیکەن، هەروەها ئەگەر پێویستیش بکات دەتوانن ئیعترازیش بکەن، بەڵام ئەگەر تەمیزی بکەن، باشتر دەبێت. هەروەها لەبارەی لەخۆوەگرتنی سزاکەی من لەنێو یاسا نوێیەکەدا، لەبەر ئەوەی کە سزای زیندانی موئەبەد لەکاتی پەیڕەوکردنیدا لەبەرژەوەندی مندابوو، وابزانم مانەوەی وەکو خۆی پێویستییەکە. "وەکو پێشتریش ئاماژەمان پێکردبوو، ئەم بابەتەمان گەیاندبووە (دادگای مافی مرۆڤی ئەوروپا، لەم بارەیەشەوە، داوایەکی دیکەشمان بۆ هەمان دادگا هەبوو، وابزانم ئەوە نزیکەی ساڵێك بەسەری دا تێدەپەڕێت، هێشتا سەرلەنوێ دادگایان نەکردووە پێدەچێت، ئەم ڕەوشەش لەبارەی یاساوە گونجاو نەبێت.

ماوەی ئەم یەك ساڵە لەنێو قۆناخی سەرلێدانی، سەرلەنوێ دادگایکردنەوە دا بووە، ئێمە لەکاتی خۆیدا سەرلێدانمانکرد، ئەنجامدانی سەرلەنوێ دادگاییکردنەوە لەماوەی ئەم ساڵەدا، مەرج نییە ئەوەی گرنگە، لەم ماوەیەدا ئەنجامی سەرلێدانەکە بووە".

پێشتریش رامگەیاندبوو، دەتوانن لەسەر داواکەی یۆنانستان هەڵوەستە بکەن. هەڤاڵێك لەگەڵ من دەستگیرکرابوو، ئەو دەتوانێت، ئەم داوایە بەردەوام بکات، گرنگی بابەتی یۆنانستان لەبەر چاوانە، دەتوانن لەسەر داواکەی کێنیاش هەڵوەستە بکەن. کینیا، دەڵێت: من لەو رووداوە بەرپرسیار نیم، بەڵام هەندێك رووداوی حیلەبازی و هەڕەشەئامێز لەسەر بەزۆر دەرکردنمان لەو وڵاتەدا هەیە، بەرپرسیارێکی کینیایی رۆژێك پێش رفاندنەکەم: بەم شێوەیە رایگەیاندبوو (ئەگەر دەرنەکەون، ئێمە بەسەرتاندا دەدەین) دیسان هەر ئەو رۆژە گووترابوو: کە گوایە بەفرۆکە بەرەو وڵاتێکی تر دەبرێن، لەسەر ئەمانەش دەتوانرێت، داوایەك لەسەر کینیا بکرێتەوە، ئەگەر شیمانەی دەرنەکەوتنی بڕیارێك لەبەرژەوەندی ئێمەشدا نەبێت، ئەوا ئەو هەموو داوایانەمان وەکو بەڵگەیەك دەتوانرێت پێشکەش بکرێت، لەم بارەیەشەوە دەتوانن هاوکاری لەدۆستە یاساناسەکانی باشووری ئەفریقا وەربگرن. لەوێ دەزگای گرنگی مافەکانی مرۆڤ هەبوو، هەروەها دەتوانن لەنێو دۆستە ئیتالیاییەکانماندا بکەونە نێو پەیوەندییەوە، دەتوانرێت، چالاکی لۆبی)ی گرنگ ئەنجام بدرێت. ئەگەر هەڵە نەبم یەك لەو دۆستانەمان ئێستا بەسەرۆکی ئەنجوومەن هەڵبژێردراوە. وابزانم بۆ خۆشی کەسێکی پێشکەوتووە، (پرۆدی)یش سەرۆکێکە دەتوانن گفتوگۆی لەگەڵ بکەن. بێگومان پێویستە ئەم کارانە لەچوارچێوەی یاساییدا بەدەست بگیرێ لەگەڵ ئەوەشدا ئەو داوایە لایەنی سیاسیشی هەیە. دەتوانرێت پەیوەندی دیبلۆماسی بۆ چارەسەری ئەم بابەتە لەگەڵ کۆمیتەی سەرۆکایەتی و دەزگاکانی دیکەی ئەوروپا ئەنجام بدرێت. گومانی تێدا نییە کە ئەمانە پەیوەندی راستەوخۆیان بەرەوشی پاراستنی یاساییمەوە هەیە، وەك لەهەفتەی پێشووشدا ئاماژەم پێدا لەبارەی ناسنامەی سیاسیمەوە لەڕاگەیاندنەکاندا ، زۆر بەچڕوپڕی هێرش دەکرێتە سەرم، مافی وەڵامدانەوەی ئەمانەم هەیە. نزیکەی مانگێکە ناتوانم رۆژنامەکان بەباشی ببینم لەڕاگەیاندنەکاندا هێشتا ئەم هێرشانە بەردەوامە؟ وابزانم لەراگەیاندنەکاندا لەسەر من نووسین بڵاو دەبێتەوە بەتایبەتی لەم ماوەییەی دواییدا و لەسەر ماددەی 6 لەیاسای ئەنجوومەنی تورکیا، کە دەرهەق بەمن گفتوگۆ زۆر دەکرێت، پێشتریش گوتبووم لەبەرامبەر ئەم هێرشانەدا دەتوانن، داوای یاسایی بکەنەوە، ئێوەش دەتوانن بیکەن, بەڵام دەبێت بەتەواوەتی لەچوارچێوەی یاسادابێت، پێویستە وەڵامی ئەو کەسانە بدرێتەوە کە بیرو بۆچوونەکانم بەهەڵە یان بەکەمی پەخشدەکەن. راستی شتەکان باس بکرێت، ئەم نوێنەرایەتیە وەکو نوێنەرایەتی رێکخستنێك نییە بۆ نموونە بیروبۆچوونەکانم تاکتیکی نین، هەمان ئەو بیروبۆچوونانەی قۆناخی ئیمرالین پێویستە راستی و ستراتیژیەتی ئەم بۆچوونانەمان بۆ رای گشتی ئاشکرا بکرێت هەندێکیش هەن دەڵێن واڵا واڵا قسە دەکات، هەندێکیش بەستالینیبوون تاوانبارمان دەکەن. هەفتەی رابردووش لەم بارەیەوە هەندێ شیکردنەوەم ئەنجامدابوو، من گوتبووم بیروبۆچوونەکانم ستراتیژین، چەندە لەبەرامبەر دۆگماتیزمە، دۆگماتیزمیش رێ لەبەرچی دەکاتەوە, هەموویم شیکردبۆوە رۆژئاوا 300 ساڵە لەقۆناخی رێنسانسدا دەژی لەپێش ئەم قۆناخە کاریگەری دیالۆگی نێوان مرۆڤەکان خۆیان و دەسەڵات و سیاسەت لەسەر چەمکی ئایینی بەندە، وەکو مەسیحییەت و ئیسلامییەت و دواتر چەمکی نەتەوایەتی و چینایەتی جێگەی ئەم چەمکە دەگرێتەوە، نیتچە لەسیستەمی هزری رۆژئاوادا دوا گەورەترین فەیلەسوفە، ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێ وەکو پێغەمبەرێکیشە، ئەو هەر لەسەردەمی خۆیدا، رۆژگاری ئەمڕۆمانی بینیوە لەبەر ئەوە زۆرێك هەبوون کە بەنەژادپەرەست، فاشیست تاوانباریان دەکرد، بەڵام بەڕای من ئەم بانگەشانە هیچیان راست نین ئەگەرچی لەکۆتاییەکانی تەمەنی ئەقڵیشی لەدەست دابێت گرنگی لەوە دایە ئەو لەرۆژگاری خۆیدا رۆژگاری ئەمڕۆمانی بینیوە دوای ئەوەی کە ئەڵمانیا بەسەر فەرەنسادا سەرکەوت وەك ئێوەش دەزانن، لەسەدەی 19 یەمدا، ئەڵمانیا دەستی بە دروستکردنی یەکێتی وڵاتەکەی کرد، لەم کاتەشدا هەر کەس بەخۆشی و جۆش و خرۆشەوە پێشوازیان لەو رۆژە کرد، بەڵام نیتچە کەوتبووە نێو رەشبینیەکی گەورەوە لەبەر ئەوەی سیستەمی سیاسی مرۆڤایەتیش لەنێو دەوڵەتەکەشیدا هەبووە، ئەو گووتوویەتی خوداوەند مرد، دواتریش میشێل فۆکۆ رایەکەی خۆی لەمە زیاتر کرد گووتوویەتی مرۆڤیش مرد، بەڕاستیش لەدوای سەدەی 19 ەوە کە یەکێتی ئەڵمانیا بەرپا بوو، لەسەدەی بیستەم شەڕی دووەمی جیهانی و کۆکوژی یەهودییەکان وەکو گەورەترین تراژیدیای بەرچاوی مرۆڤایەتی روویدا، نیتچە پێشتر ئەمەی بینیبوو، ئەمەش ئەوە پیشاندەدات کە چارەسەرییەکی پشتبەستبوو بە نەژادپەرستی بۆ دەوڵەتانی نەتەوەپەرست دوا چارەسەری نییە، لەژیانمدا قۆناخەکانی نەتەوە، چینایەتی، ئایین، چەمکی ئایینیم لەساڵەکانی 50، 60هەتا هەفتا شوێنی خۆی گرتووە، دوای ئەوەش قۆناخی کەوتنە نێو بیری سۆسیالیست و چینایەتی دێت. زۆر کتێبم خوێندەوە بەڕادەیەکی زۆریش لێکۆڵینەوەم لەسەر فەیلەسووفەکان کرد، ئەو کاتانە لەلایەنی هزرییەوە, چڕبوونەوەیەکی زۆرم ژیان کرد، لەپاش ئەمەش

بەچڕوپڕی لەسەر چەمکی نەتەوایەتی هەڵوەستەم کرد. بیرکردنەوەم لەسەر نەتەوەبوون و چەمکی نەتەوایەتی، زیاتر لە 25 ـ 30 ساڵی گرتم، ئێستاش تەواوی ئەم چەمکانەم تێپەڕاندووەو گەیشتوومەتە چەمکێکی نوێ، گومان لەوەدا نییە کە فکرەکانم بەتەواوەتی بەسیستەمن. ڕەخنەی زۆر بناخەیش لەسەر بیرو هزری سیستەمی ڕۆژئاوایی هەیە، چەمکی چینایەتی لەفکری سۆسیالیزمی کۆندا باڵادەستە، ئەمڕۆش زۆر بەئاشکرا دەیبینین کە تێڕوانین بەچەمکی چینایەتی لەڕووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکاندا هەڵەیە. بۆ پارادیگمای ئاینیش هەمان شت لەجێگەی خۆیدایە، ڕوانگەی پشتبەستن بەچەمکی ئاینی یان چینایەتی، تەنیا خۆی بەڕاست دەسەپێنێت، ئەم ڕوانگەیە دەتوانێت تەنها 10٪ پێشکەوتنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان ببینێت، واتە ئەم شێوە چەمکانە 90٪ ەی دیکە دەسڕێتەوە، ئەمڕۆ ئیتر سوڕانەوە بەدەوری ئەم بیروبۆچوونانەدا هەڵەیەکی گەورەیە، هەموو قەناعەتیان بەوە هێناوە کە ئەمە درێژەی ڕاستییەکانە و پارچەیەکی ڕاستییەکان پێکدێنێت. "بەپیشاندانی کتێبەکەی پێش خۆی" ئەو بیرمەندانەی کە بە دەیان کتێبی لەم بابەتەیان نووسیوە، ئیتر ئەم ڕاستییە دەبینن، بەڵام لەڕەوشێکی پچڕ پچڕدان و دوورن لەشێوازێکی سیتەماتیکی، ئەو شێوە بیرکردنەوەی من، لەقووڵایی خۆیدا بەسیستەمبوونێك دەتوانێت. ئێوە لەبناخەی چەمکی چینایەتیدا، ئێوە بەئامرازی هەزاران ساڵەی زوڵم "دەوڵەت" بەدیکتاتۆرییەتی پرۆلیتاریا ناتوانن سۆسیالیزم بهێنن. ئەگەر ئەم شێوەیەش بێت ئەوا سۆسیالیزم کۆتایی پێدێت. ئەو یەکێتی سۆڤیەتەی کە بەخوێن و هیوای هەزاران مرۆڤ ئاواکرا ئەنجام و پراتیکەکەی ڕوون و ئاشکرایە. لەچەمکی ئاینیشدا زۆر ڕاستی دەبینرێت، هەتا زۆر ڕاستیش لەمیتۆلۆژیاکاندا دەبینرێت، بەڵام سۆسیالیزمیش تەنها لەپەنجەرەی خۆیەوە دەڕوانێتە ئەم ڕاستیانە، لەچەمکی نەتەوەیشدا تەنها دەرخستنە پێشی نەتەوەو بیرکردنەوە لەبەرژەوەندییەکانی خاڵی سەرەکین. لەئەنجامی ئەمەشدا شەڕی بێ کۆتایی دەوڵەتەکان بەپشتبەستن بەنەتەوە ڕوویانداوە، بەملیۆنان مرۆڤ گیانیان لەدەست داوە، ئەو کولتوورە لاوازانەی کە لەسەردەمی دەوڵەت ـ نەتەوەدا هەبوون نەیانتوانی خۆیان بپارێزن و بەرەو نەمان چوون. کاتێك باس لەمانە دەکەم من چەمکی نەتەوەییم ڕەتنەکردۆتەوە، هەروەها چەمکی نەتەوایەتیش بەتەواوەتی ڕەتناکەمەوە، لەوتەکانیشمدا وا تێنەگەن کە بەلاوەم نابێ، ئێمە لێرەدا ئەوە دەڵێین: دەبێ چەمکی ئاینی، چینایەتی، نەتەوەیی تێپەڕێنین، بەڕێبازێکی دیموکراتی چۆن دەتوانرێت گەل بەڕێکخستن بکرێت؟ کوردان چۆن دەبنە نەتەوەیەکی دیموکراتی؟.. دەزگاکانی دەوڵەت چۆن دیموکراتیزە دەکرێن؟.. من لەسەر ئەم چەمکانە قووڵدەبمەوە. ئەو هزرەی کە من پێی گەیشتووم چەمکێکە کە لەجیهاندا تازە بەتازە پێشدەکەوێت. هەندێ کەس لەبەکارهێنانی دەستەواژەی نەتەوە و لەویستی چارەسەرییەکی پشتبەستوو بە دەوڵەت، کە داخوازی منە بەتەڵە لێکدەدەنەوە، نەخێر، ئەمە بەهیچ شێوەیەك تەڵە نییە، سێ ساڵ بەر لەئێستا بەتووندی دەسەڵاتی دەوڵەتم ڕەخنە کردبوو، دیموکراتیزەبوون تەنها هەڵبژاردنی ڕێگەی دەسەڵات نییە، دەتوانرێت بەڕێگەی زۆر جیاواز دیموکراتی پێشبخرێت، لێرەدا ئەوەی دەمەوێت بیڵێم بۆچوونی دەوڵەت نەبێت، نییە، ئەگەر دەوڵەت لەبەین ببەن چی بەئەلتەرناتیف دادەنێن، پێویستە ئەمە بەشێوەیەکی هەمەلایەنە بیری لێبکەنەوە. بەم هۆیەشەوە بۆ ئەوەی دەوڵەت ببەسترێتەوە بەیاساو دیموکراتییەوە پێویستە ڕێز لەپرەنسیپەکانی دیموکراتی بگرێت، بەمشێوەیە خۆی ڕێکبخات و سنووردابوونی لەم چوارچێوەیەدا گرنگی زیاتر بەخۆی دەبەخشێت. ئەوەی کە دەکەوێتە سەرشانی گەلیش خۆ ڕێکخستنە بەڕێبازێکی دیموکراتی. بەسازدانی هەزاران دامودەزگای مەدەنی، زانستی نەتەوەیی دیموکراتی بەجێبکرێت، بەم ڕێبازە گەل دیموکراتی دەخاتە پێش دەوڵەتەوە، دەوڵەتیش بۆخۆی دیموکراتی خۆی پێش دەخات. دەوڵەتیش دەبێت لەو لایەنەوە ئیرادەی خۆی نیشان بدات، ئەم چەمکە چەمکێکە ناوچەگەرێتی تێپەڕدەکات، ئەم چەمکە بانگ لەلایەنەکان دەکات، کە یاساکانی دیموکراتی پیادەبکەن، چەمکێك نییە کە گەلان بەزۆری لەجێگەیەکدا کۆبکاتەوە، ئەمەش هەڵەیەکە پێکەوە ژیانی دڵخوازی و ئازادی گرنگ و بناخەیە، ڕەوشی کوردان لەسەردەمی عوسمانییەکاندا لە ڕۆژگاری ئەمڕۆمان باشتر بوو، لەگەڵ دەسپێکردنی ئەم قۆناخەی کە بە یاوز سوڵتان سەلیم دەستپێدەکات و بۆ ماوەی 400 ساڵ بۆ هاوکاری سیاسەتی گشتی و هەرێمی داوای هاوکاری لەکوردان کراوە. لەدەرەوەی ئەمەش کوردی لەناو خۆیدا بەسەربەستی هێشتۆتەوە، واتە بەتەواوی مانای خۆیەوە، پێکەوە ژیانێکی زۆرە ملێ نەبووە. پەندێکی کۆن هەبوو کە پێکەوە ژیانی نەتەوەکانی بەزەواج دەچواند، واتە زەواجی نەتەوەکان کە کاتی خۆیەتی بیڵێم بەڵکو لەداهاتووشدا کات هەبێت زیاتر باسی لێوە دەکەم بۆ نموونە ئیسپانیا، بەمۆدێلی باسك زەواجی زۆرەملێی تێپەڕاند. پەیوەندی بەمەشەوە ڕووداوەکانی ئەم دواییەی ئامەد پزیسکێکە, واتە ڕایگەیاندنی لێکجیابوونەوەی ئەم زەواجەیە. پێویستە کێشەکانی نەتەوە - کۆمەڵگا، دانەخرێتە ڕوانگەیەکی تەنگەوە. چەمکەکانی "نەتەوەی من ـ دەوڵەتی من + هەرێمی من .. هتد" ناتەواو پێکدادانی لێدەکەوێتەوە. لەتورکیادا لەپاڵ ڕوانگەی ئانالیز و و تێڕوانینە سیاسییەکان بۆ کێشە کۆمەڵایەتییەکان

تێڕوانینی زانستی کەمەو تا رادەیەکیش هەڵەیە. چەمکی زانستی لەتورکیا پاڵپشتە بەچەمکی زانستی پۆزەتیفیستەوە. بەشێوەیەکی توند و وشك لەڕووداوەکان دەڕوانرێت، واتە تەنیا رووداو و پێکهاتەکان دەبینێت، هۆکارە مێژوویی و ناوەڕۆکییەکانی سۆسیۆ کولتوورییەکان نابینێت، لەبەر ئەمەش چەمکی زانستی لەتورکیا زۆر دواکەوتووە و دوورە لە ئانالیزکردنی راستینەی رووداوەکان. ئەم چەمکەی زانست، زۆر ساکارەو لە دۆگماتیزم مەترسیدار ترە، بۆ ئانالیزکردنی باری کۆمەڵایەتی کۆمەڵگاکانی رۆژهەڵات نەك هەر دەستەواژەکانی رۆژئاوا بەڵکو پێویستە دەستەواژەکانی رۆژهەڵاتیش بەکاربهێنرێت هەروەها پێویستە ئانالیزی ئەو دەستەواژانەش بکرێت کە ئیفادەی کولتووری رۆژهەڵاتیش دەکەن، بەڵام من زۆر شیکردنەوەم ئەنجامدا، دەستەواژەو کولتوورەکانی رۆژهەڵات بەتایبەتی میتۆلۆژیەکەی و هەروەها سۆمەریەکانیش، لەپارێزنامەکانی خۆمدا زۆر باسم لێوە کردوون. چاودێرە ئەوروپییەکان، تێڕوانینە نێونەتەوەییەکانم بەتایبەتی لەچاو سەرکردە باشوورییەکان، بەهێزتر دەبینن، هەڵبەتە ئێمە چارەسەری کێشەکانمان دەوێت لەم بابەتەدا زۆر سامیمین ــ دڵنزمین، هەوڵدانمان بۆ ئەمەیە، پرۆژە بەرهەم دێنین.. رژاندنی خوێنی یەك کەسیش ئێش و ئازار بە ئێمە دەگەیەنێت، هەتا ئەم فکرەی ئێمەش وەکو چالاکییەکی باش لەنێو دەوڵەتدا پەسندکراوە، بەڵام بەداخەوە (AKP) مۆدێلێکی ئیسلامی مژاوی گرتۆتەبەر، (CHP)ش مۆدێلی کۆماری بیستەکان پەیڕەو دەکات و بەرخۆدانی دەکات، مستەفا کەمال 1923 دا کاتێك کۆمارەکەی ئاوا دەکات، بەڕێوەبەرایەتی ئەو کاتە سیستەمی کۆمارییە، مۆدێلی کۆمارەکەش مۆدێلی بەڕێوەبەرایەتیکردنی سەدەی نۆزدە و بیستەکانە، لەسالانی بیستەکاندا دەتوانرا زیاتر کۆمار پێکبهێنرێت، بەڵام مۆدێلی کۆمار بەسەری خۆی لەسەدەی بیست و یەکەمدا دوورە لە مۆدێلی بەسیاسییبوون.

ئەم دوو شێوازەش چارەسەرییەکی راستنین، لە تورکیا وەکو "chp" بانگەشەی بۆ دەکات، کۆمار لەمەترسییەکی پۆزەتیڤدا نییە. هەموو کەسێك خاوەنداریێتی لەم دەستەواژانە دەکات، لە تورکیادا وەکو کێشەیەکی گرنگ، کێشەی قوڵبونەوەی قەیرانەکانی دەوڵەت هەیە، بۆ چارەسەری ئەمەش دیموکراتیزەکردنی دەوڵەت و کۆمەڵگا پێویستە. ئەگەر تورکیا ئەم گۆڕانکارییەی بەرەو دیموکراتی پێکنەهێنێت و پێداگیری لەسەر کۆمارێتی سالانی بیستەکان بکات، ئەوا قەیرانی دەوڵەت قووڵتر دەبێتەوە. هێزە ئیمپریالیستەکان بەگشتی و "USA" بەتایبەتی دەیانەوێت کوردان بەلای خۆیاندا راکێشن، چونکە رۆڵی کوردان لەناوچەکەدا دینامیزمییەتێکە، بەزیندوو راگرتنی کوردان، رەوشی پێکدادانێکی بەردەوام ئاوادەکەن. ئەمە لە رابردووشدا روویداوە، ئینگلیزەکان، لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا هاوکاری شێخ مەحموود بەرزنجییان کرد، بەڵام بەرزنجی دەوڵەتی کوردانی ئاوا نەکرد.

لەم قسانەمەوە وا تێنەگەن کە من لەدژی ئاشووری و ئەرمەنییەکانم. لەم خاکەدا لەجیاتی کوردستان، دەوڵەتی ئەرمەنی و ئاشووری ئاوادەکرا، بەڵام پاشان ئەو ستاتۆیەی ئەمڕۆ دروست بوو. حاڵی حازر "USA" بۆ سیاسەتە هەرێمییەکانی خۆی، هاوکاری کوردان دەکات. لە هەمانکاتدا پێکهاتەی کوردی باشوور ئێستا قازانجی هەیە، بەڵام ئەگەر رۆژێك هاوسەنگییەکان تێکبچن لە هەرێمەکەدا"کورد – تورك، کورد – ئەوروپا، کورد – عەجەم" دەبنە دوژمنی یەکتر، ئەمەش زۆر مەترسیدارە، لەبەرامبەر ئەمەش لە پێکهاتەکەی باشووردا دەبێت لەو چوارچێوە نەتەوەپەرستییە تەنگەدا دەربکەون و ناوەڕۆکەکەی بە دیموکراسییەت پڕبکرێتەوە. تورکیا راستینەی خۆی، راستینەی کورد و دینامیکییەتی گۆڕانەکانی جیهان بەڕاستی هەڵبسەنگێنێت و بتوانێت هەبوونی بەهرەی خۆی لەم راستیانەدا نیشانبدات. ئەو دەوڵەتەی کە ئەم راستینەیە نەبینێت، بێ چەند و چوون دەکەوێتە نێو قەیرانەوە.

با تورکیا خۆی نەخەڵەتێنێت، ئێران لەسەر رووخانە و دەڕوات، سەرەڕای ئەوەش چین و رووسیاش ناتوانن ئێران لەم رەوشەی رزگار بکەن، هەوڵێکی بێ هوودەیە. تورکیا هێشتان بیرلەوە دەکاتەوە کە لەبەرامبەر کوردان لەگەڵ ئێران دەتوانن شتێك بکەن یان نا، نەخێر ناتوانن هیچ بکەن. ئێران دەڕوات، بەپێچەوانەوە ئەگەر توندوتیژی بەردەوام بکات، "PKK" زیاتر بەهێز دەبێت، من "PKK" باش دەناسم، چەندین شێوازی بەرخۆدانی هەیە، رووداوەکانی ئەم دواییەی هەرێمەکە و بەتایبەتی رووداوەکانی ئامەد، سەلماندی کە "PKK" خاوەنی هێزی راپەڕینێکی سەرتاسەرییە، ئەگەر پێداگری لەسەر پاکتاوکردن بکرێت و پێکدادانەکان قووڵببنەوە، ئەوا هیچ گومان لەوەدا نییە کە بەهەزاران گەنج بەشداری "PKK" بن ژمارەی گەریلا دەگاتە دەیان هەزار، لە رەوشێکی وەهادا قۆناخی پێکدادان وەك "فەلەستین – ئیسرائیل"ی لێدێت. ئێمە ئەوەمان ناوێت، دەبێتە هۆی کوژرانی هەزاران کەس، من لێرەدا نامەوێت زیان بە هیچ کەسێك بگات، بەڵام بەداخەوە ئەوان، بەهەڵە بۆچوونەکانم لێکدەدەنەوە، بەپێچەوانەوە خۆیان بەهەڵەدا چوون. لەناو خۆشیاندا سیاسەتی خۆیان لەسەر من بەڕێوەدەبەن، هەتا سیستەمی یاساکانیشیان بە لەبەرچاوگرتنی رەوشی من گۆڕی، ئەم چەمکە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم بەدیموکراتیزەبوون دروست دەکات. واتا بەکورتی ئەو

یاسایانەی کە لەبەر ڕەوشی من دەیگۆڕن کاریگەری خراپی بۆ سەر گیراوەکانی تر و کەسانی تر هەیە، بێ گومان ئەم ڕەوشە جێی نیگەرانییە، دەیانەوێت بەم هۆیەوە چەمکی دەوڵەتی یاسایی پەیڕەو بکەن، لە تورکیا بەلانی کەم ئەم دەساڵەی دوایی بەگوێرەی پێگەی ئێمە ڕێکخران، ئەمەش لە خۆیدا گەورەترین تاوانە، بەهۆی کەسێکەوە گۆڕانی یاسا گشتییەکان، لە یاسای سزادا جێگەی نییە، ئەمەش ناکۆکییەکی گەورەیە لەگەڵ یاسا گشتییەکاندا. بەپێچەوانەوە ئەگەر تەنها کەسایەتی من و بەڕێوەبەرایەتی من و تێکۆشانی من بە بنەما وەربگیردرێت، ئەوا بەمشێوەیە نایاسایی لە تورکیا بنبڕبکرێت، ئەوە هەرگیز نابێت. پێویستە تورکیا بەرەو دەوڵەتێکی یاسایی ببردرێت، لێرەدا هەڵەی زۆر بنچینەیی دەکرێت، هەوڵدەدەن من لەکەدار بکەن و سیاسەت بەڕێوە ببەن، من ناخوێننەوە و ناناسن و هەڵمدەسەنگێنن، من دەڵێم با بمخوێننەوە و لێم تێبگەن، پاشان دەتوانن ڕەخنە لە بیر و بۆچوونەکانم بگرن، واتا پێویستە لەپاش ناسین و تێگەیشتن لێم ڕەخنەم بکەن. ئەگەر دەیانەوێت کێشەکان چارەسەر بکەن با پرۆژە دیموکراتییەکان پراکتیزە بکەن. "PKK" و ئەوانەی کە گوێم لێدەگرن و زۆر توێژی تر؛ با بەڕاستی و دروستی لە چەمکی دیموکراتی تێبگەن. لە تورکیا زۆر شت گۆڕانی بەسەردا دێت، "PKK" تا چەند فکرەکانی من ئاوێتەی ژیان و پراکتیك دەکات، نازانم، بەڵام بەپێی پێویست خۆیان ئیفادە ناکەن. چونکە توانستیان کەمە، بەپێچەوانەوە پێویستە لۆبی زۆر گرنگ پێکبهێنن و لە هەموو شوێنێك ڕێگای تێگەیاندن و بڵاوکردنەوەی فکرەکەمان بدۆزنەوە، دەبێت ئەوە بەڕای گشتی تورکیا ڕابگەیەنن کە فکرەکەی ئێمە لە بەرژەوەندی هەموو تورکیاشدایە و لەم لایەنەشەوە ئێمە زۆر سامیمین.  پێشنیاریشم بۆ هەموو کوردان؛ با لەناو خۆیاندا زۆر بە چڕوپڕی، نەتەوەی دیموکراتی چییە؟.. چۆن پێکدێت؟.. گفتوگۆ بکەن و زۆر بە هەمەلایەنەیی بیگرنە دەست، تورکەکانیش؛ پێکەوە ژیانی ئازاد و یەکسان، چۆن دەبێت؟.. بخەنە بەرباس و لێکۆڵینەوە و گفتوگۆی لەسەر بکەن، لە ڕاگەیاندنەکاندا لەبارەی پەیوەندی من لەگەڵ "DTP" چەوشەکراوە. ئەمانە بەهیچ شێوەیەك ڕاستییەکان ناخەنە ڕوو، بۆ پارتییەکی وەکو "DTP" کە لەسەر بنەمای چارەسەری کێشەی کورد و دیموکراتیزەکردنی تورکیا دامەزراوە، من مەگەر وەکو سەمپاتیزانێك فیکری خۆمیان پێڕابگەیەنم. مۆدێلی دوایین هەڵبژاردنی ئیتالیا دەتوانرێت وەکو مۆدێلێکی نوێ بیری لێبکرێتەوە، دەتوانرێت بەرەو چەپ هەنگاو بنێت، لەگەڵ چەپەکانی تردا دەتوانن "پارتییەکی چەپی شێوە چەتری"ئاوا بکەن، پێویستە ئەمە هەڵبسەنگێندرێت و گفتوگۆی لەسەر بکرێت، ئەگەر پێویستیش بکات دەتوانن لەم بارەیەوە لەگەڵ "akp"ەش دیدار ئەنجامبدەن. سڵاوم بۆ هاوڕێیانی زیندان هەیە، ئەگەر بەشێوەیەکی سنووردااریش بێت، چەند نامەیەکیانم بەدەست گەیشت، ناتوانم وەڵامی هەموویان بدەمەوە، پێشتریش نامەیەکی "دیلەك قورت"م بۆ هاتبوو، وابزانم ئەویش لە ڕەوشێکی گۆشەگیریدایە، لەوەش زیاتر لە زیندانەکانی ئادیەمان و ئوشاك و ...هتد، نامەم پێدەگات، هەڵسەنگاندنی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەکەن، ئەمە پێشکەوتنێکی گرنگە، بەڵام لە نووسینی نامەکاندا دەستەواژەی سەرۆك یان سەرۆکی خۆشەویستم بەکاردەهێنرێت، لەلایەن چاودێرانەوە خەتی بەسەردا دەهێنرێت، پێویست بەنووسینی ناکات و من پێویستم بەمانە نییە. ڕۆژباش بەرەو تێکۆشان.